## ئاوڕدانەوەیەک لە یاری زانە دێرینەکان

یاری زان وڕاهێنەرو کە سایەتیەکی ناسراوی شاری سولەیمانی کە هەمیشە لە پێناوی وەرزش وخزمەتکردنی وەرزشەوە کاری کردووە.
مامۆستا ئیبراهیم قاسم لە ساڵی 1944 لە شاری سولەیمانی لە گەڕەکی چوارباغ چاوەکانی بە دونیای وەرزش وکوردپەروەری هەڵهێناوە، لە ساڵەکانی 1960 وە دەستی کردووە بە یاری تۆپی پێ و سەبەتە و بالە لە زۆربەی چالاکیەکانی قوتابخانە بەشداری کردووە لە هەمانکاتدا قوتابیەکی زۆر زیرەك بووە،
یاری زانێکی باشی تیپی خەبات بووە، بەهۆی تواناو لێهاتوویی توانیوێتی لە تەمەنێکی لاوێتیدا بگاتە ئاستی یانەو هەڵبژاردەی سولەیمانی و یاری زانی هەڵبژاردەی پەروەردەش بووە.

مامۆستا ئیبراهیم یاری زانێکی هێڵی بەرگری بووە زۆر لەسەر خۆ یاری دەکرد هیچ کات نە بووە بە فیڕۆ تۆپ لە قاچی دوور بخاتەوە لە زووربەی ئەو یاریانەی کە ئەنجامی ئەدا کەمترین هەڵەی دەکرد لە کاتی یاری دا زۆر حەزی بە یاری تۆپی نزم دەکرد، دوای دەرچوونی لە ئامادەیی حەزی دەکرد کەوا کۆلێژی پەروەردە بەشی وەرزش بخوێنێ لە زانکۆی موستەنسریەی بەغداد کە بە پلەیەکی باش تەواوی کرد، لە چوار ساڵی قوتابێتی زانکۆدا یاری زانی هەڵبژاردەی زانکۆ بوو کە دەورێکی باشی هەبوولە ناو خولەکانی زانکۆی عێراق دا ناسرا لای زۆربەی یاری زانانی ئەوسەردەمەی عێراق.

دوای تەواوکردنی زانکۆ لە دوای ساڵەکانی 1975 بەدواوە دەوری ڕاهێنەری بینی، کەوا دەورەی ڕاهێنەریشی بینی لە وولاتی ئەڵەمانیای ڕۆژهەڵات لە شاری لایبزیك.
مامۆستا ئیبراهیم ڕاهێنەرێکی مۆدێرن بوو زۆر شتی نۆیی هێنایە ناو وەرزشەوە لە سەرەتای دروستکردنی هەڵبژاردەی سولەیمانی یەکەم ڕاهێنەر بوو کەوا زۆرترین لاوەکانی هەڵبژارد بۆ هەڵبژاردە کەوا باوەڕی تەواوی پێیان هەبوو، بەڵام بە داخێکی گرانەوە لە و کاتەی کەوا ڕاهێنەر بوو کە زۆر بڕوای بە خۆیی و تیپەکەی هەبوو، حکومەتی بەعسی فاشست لە یەك رۆژدا دوو برای قارەمانی لە سێدارە دا لە شاری موسڵ هەزار سڵاو لە گیانی پاکی ئەم دوو برا شەهیدە و هەموو شەهیدانی کوردستان، مامۆستا ئیبراهیم دوای شەهید بوونی براکانی نەی توانی یاریگا بە جێبهێڵێت،ماوەیەکی کەمی پێنەچوو گەڕایەوە ناو یاریگا تاوەکو ئێستاکە بەردەوامە لە خزمەت کردن.

مامۆستا ئیبراهیم بەرپرسی چالاکی قوتابخانەو دیدەوانییە، ئەندامی یەکێتی تۆپی پێی عێراقە و ئەندامی لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستان. کە سێك نییە لە یاری زانانی دێرینی کوردستان مامۆستا ئیبراهیم قاسم نە ناسێت. ماوەی 45 ساڵ زیاتر خزمەتی وەرزش دەکات ئەم توانایە لە زۆرکەسدا بەدی ناکرێت.
لە کۆتایدا هیوای تەمەن درێژی و لەش ساغی بۆ دەخوازین ئومێدەوارین نموونەیان زۆربێت.

ئەنوەر خەراجیانی
یاری زانی هەڵبژاردەی پێشووی سولەیمانی
پەیام نێری کورستان نێت
anwaramin@malmo2.net



هەڵبژاردەی سولەیمانی ساڵی 1967 لای ڕاست لەسەرەوە تایەر شێخ لەتیف / ئیبراهیم قاسم / عومەر ڕەزا؟ خوالێخۆش بووکەمال حەمە عەلی / عەلی لەتیف / عەلی مەعسووم / فائق تایەر سوور .... دانشتووەکان لای دەستی ڕاست کەمال عەبدوڵڵە (کەمالی حەبێ) شەهید جەمال عەلی باپیر /عوسمان ئەبووبەکر / عومەر موحەمەد (عومەرە ڕەش) سوالێخۆش بوو ئەکرەم مەحمود / عوسمان شێخ مەحەمەد ی گۆڵچی




مامۆستا ئیبراهیم قاسم